

# بەس بڕۆ

بەمن چی ئەو هەموو دەنگە
کەلەترازانی دەرگای دوودڵی زیاتر،
درزێک ناخەنە دیواری دڵی من.
***

سەیرکە،
تۆ سەرت بەئاسۆی منەوە ناچێ،
من پێم بەپێڵاوی یاساکانی تۆوە،
لەم نێوەدا شتێك هەناسە سوار،
خەونی من لەژێر دەبەنگی تۆ،
دەبەنگی تۆ بەسەر کەرێتی منەوە.
***
لە نێوان هەریەکێکماندا
شکۆی هەمان شەڕی دۆڕاو،
لەتودا ڕازاوە بەتەرمی درۆی گوڵ گوڵ،
لەمندا ڕەنگڕێژ بەگوڵە متمانەی تەرمین.
***
خۆت تێك مەدە
بۆشاییەك نادۆزییەوە،
بۆ چاندنی مینی خەونێکی تر..
***
ژیان بۆمبێکی تەوقیت کراوە،لەبەر پێم،
چەپیش پێ دانەنێم،هەر دەتەقێتەوە.
***
دەزانم
هەموو جووڵەیەکی ڕاستیش،
ئەم کۆتەی ناوی ژیانە،

تەنگتر دەكەنەوە لە دەستەكانمدا.
***
ئەم ماڵە دارینە، شتێك ڕای گرتووە
كۆڵەكەی ژنێتی من و دیواری پیاوەتی تۆ.
***
هاكا گومان لە ئاوێنەكەوە و
بێدەنگی لە پەنجەرەوە،
هاڕەی كرد بەسەرماندا.
***
هەر كەویستمان لەماڵێكدا كۆ بینەوە،
سیخوڕێك لەناتەبایی،
مۆسادێك لەدڕدۆنگی،
كۆرپەیەك لەتێنەگەیشتن،
كەوتنە نێوان.
***
ئەوەی لەنابەینمان كەڵەكە بووە،
گڵكۆی بەكۆمەڵی خەونە،
رووفاتی پیرۆزی هەستە،
تازە دۆزیومنەتەوە.
***

{تۆ لەدوای موتاڵا

من و جەریدەكە دەخەیە ژێر خۆت}* ،
منیش دوای خۆشویستن،
تۆو ئایەتی حەرفەكانت دەخەمە سەر دڵم،
جیاوازی یەكە لێرەدایە.
***
لەگەل ساڵەكانی تەمەن،
شتێك ئاوا دەبێ،
لەمندا راستگۆییەكانی تۆ،
لەتۆدا ئەستێرەی بەختی من،
بەسەر ئەسپە دارینەی حیكایەتێكەوە،
بەرەو ئەبەدییەت.
***

تا بێ شتێك لەنێوانمان درێژ دەبێتەوە،
کەڵبەی سادییەتی تۆ و
خەیاڵی مازیۆشیانەی من،
لەهاوکێشەی خەونێکی بەراوەژوودا....

زیوریخ سویسرا
*دێڕە شیعرێکی وەرگیراوە.